

# کەڵەکەبوونی سەرمایە

ڕۆزا لۆکسمبێرگ

وەرگێڕانی: ئەرسەلان ئەفراسیاو

ناوەندی کۆمۆن

# کەڵەکەبوونی سەرمایە

ڕۆزا لۆکسمبێرگ

وەرگێڕانی: ئەرسەلان ئەفراسیاو

لە بلاوکراوەکانی ناوەندی کۆمۆن

ساڵی ٢٠٢٢

سەرچاوە:

*روزا لوكسمبورغ، تراكم رأس المال، عن الثورة والحزب وأفول الرأسمالية،*

*نصوص مختارة، 2016، عن الألمانية: أحمد فاروق، مؤسسة روزا لوكسمبورغ – برلين.*

**ڕۆزا لۆکسمبێرگ**

**وەرگێڕانی: ئەرسەلان ئەفراسیاو**

گرنگیدان بە قازانج، بەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانەدا زاڵە. بە لای هەر سەرمایەدارێکەوە، مانا و ئامانجی بەرهەمهێنان ئەوەیە ساڵ لەدوای ساڵ گیرفانی پڕبکات لە "داهاتێکی" پوخت، داهاتێک کە بریتییە لەو قازانجەی لە خەرجییەکانی سەرمایەکەی وەک زیادە دەمێنێتەوە. بەڵام یاسای بنەڕەتیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانە، بەپێچەوانەی هەر فۆڕمێکی ئابووریی تر کە پشت بە ئیستیغلال دەبەستێت، تەنها قازانجکردنی ئاڵتوونی بریقەدار نییە، بەڵکو بەدیهێنانی قازانجێکی گەشەسەندووی بەردەوامە. بۆیە سەرمایەدار بەروبوومی ئیستیغلالەکەی -کە ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتییە و [سەرمایەدار] لە شێوە مێژووییەکانی دیکەی ئیستیغلالچی جیادەکاتەوە- لەوەدا کورتناکاتەوە کە تەنها بۆ خۆشگوزەرانیی شەخسی بەکاریبێنێ، خۆشگوزەرانیی شەخسییش ناکاتە پێشەنگ، بەڵکو لەپێناو زیادکردنی خودی ئیستیغلال بەکاریدێنێت. بۆیە بەشی زۆری قازانجەکەی سەرلەنوێ دەبێتەوە بە سەرمایە و لە فراوانکردنی بەرهەمهێناندا بەکاردێتەوە. بەمجۆرەش، بەپێی گوزارە مارکسیەکە، سەرمایە "کەڵەکە" دەبێت. ئیدی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانە، چ وەک پێشمەرج و چ وەک بەرئەنجامی کەڵەکەبوون، تا دێت زیاتر دەبێت.

بۆ بەدیهێنانی ئەمەش بەتەنها نیەتە باشەکانی سەرمایەدار بەس نییە. چونکە پرۆسەکە گرێدراوی کۆمەڵێک پێشمەرجی کۆمەڵایەتی و بابەتییە، کە دەکرێت لەمانەی خوارەوەدا کورتکرێنەوە:

بۆئەوەی لە بنەڕەتدا ئیستیغلال دروست ببێ، دەبێت بە ئەندازەی پێویست هێزی کار هەبێ. دواتریش بەهۆی سەرمایەوە بەدیدێت، لە ڕێگەی میکانیزمی بەرهەمهێنانی تایبەت بەخۆی؛ هەڵبەت پاش ئەوەی شێوازی بەرهەمهێنان ڕێچکەی مێژوویی خۆی گرتەبەر و تاڕادەیەک یەکانگیر بوو. ئەویش بەدیاریکراوی بەمجۆرەیە:

١- کاتێک ئەم میکانیزمە، بەجۆرێک لە جۆرەکانی دەرفەت بە کرێکارانی کاری کرێگرتە دەدات بەو کرێیە بژین کە بەدەستیدێنن و لەڕێی وەچەخستنەوەی سروشتییەوە زیادبکەن، تەنها لەپێناو بەردەوامیدان بە ئیستیغلال، زیاتر نا.

٢- کاتێک سوپایەکی یەدەکی پرۆلیتاریای پیشەسازی دروستدەکات و دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، چ لە ڕێگەی گۆڕینی بەردەوامی چینی ناوەڕاست بە پرۆلیتاریا و چ لە ڕێگەی کێبڕکێی ڕوولەزیادەی نێوان کرێکار و ئامێر لە پیشەسازییە گەورەکاندا.

دوای ئەوەی ئەم مەرجە دەستەبەردەبێت، واتە پاش مسۆگەرکردنی بوونی بەردەوامی کۆڵەکەی ئیستیغلال، کە لە بوونی پرۆلیتاریای کرێگرتە و خۆڕێکخستنی ڕاستەوخۆی میکانیزمی ئیستیغلال لە ڕێی سیستەمی کرێیەوە، خۆی دەبینێتەوە، ئەوجا مەرجێکی بنەڕەتیی نوێ بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە لەپێشچاو دەگرێت: ئەویش بریتییە لە توانای فرۆشتنی ئەو شمەکانەی کە کرێکاران بە زیادەوە بەرهەمیان هێناوە، بۆ سەرلەنوێ بەدەستهێنانی خەرجیی سەرمایەداران و ئەو زیادەبەهای لەشێوەی پارە لە هێزی کار دزراوە. "یەکەم مەرجی کەڵەکەبوون ئەوەیە سەرمایەدار بتوانێت شمەکەکانی بفرۆشێت و بەشی زۆری ئەو پارەی بەدەستهاتووە بکات بە سەرمایە." (کارڵ مارکس: سەرمایە، بەشی یەکەم، بڕگەی حەوتەم، پێشەکی). بۆئەوەی کەڵەکەبوون وەک پرۆسەیەکی نەوەستاو بەردەوام بێ، دەبێت توانای گەشەسەندووی بەردەوامی فرۆشتنی شمەک جەوهەری سەرمایە بێت. هەرچی سەبارەت بە مەرجی بنەڕەتیی ئیستیغلالە، ئەوا وەک بینیمان سەرمایە بەدەستی خۆی بەدیدێنێت. بەرگی یەکەمی "سەرمایە"ی مارکس ئەم پرۆسەیەی بە وردی شیکردۆتەوە. بەڵام ئەی توانای دەستخستنی بەروبوومی ئەو ئیستیغلالە لە پەیوەندیدا لەگەڵ دەرفەتەکانی ساغکردنەوەی شمەکەکان، چۆنە؟ ئەوەیان لەسەر چی وەستاوە؟ ئایا بۆنموونە لە باڵادەستیی سەرمایەدایە یان لە جەوهەری خودی میکانیزمی بەرهەمهێنانیدایە کە بەپێی پێویستییەکانی خۆی فرۆشەکان فراوان دەکات و ژمارەی کرێکاران زیاد و کەم دەکات؟ بێگومان نا. لێرەدا پەیوەستیی سەرمایە بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەوێت. سەرباری هەموو جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و فۆڕمە مێژووییەکانی دیکەی بەرهەمهێنان، شتێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە لەکۆتاییدا و سەرەڕای ئەوەی گرنگیدانی تایبەت بە قازانج مەرامی سەرەکیی هەریەکێکیانە، ناچارن بەشێوەیەکی بابەتیانە پێداویستییە مادیەکانی کۆمەڵگا پڕبکەنەوە. ناتوانن ئەو مەرامەی تایبەت بەخۆیان وەک پێویست بەدیبێنن ئەگەر ئەم ئەرکە بابەتییە بەدینەیەنن. بۆیە، کاڵای سەرمایەداری نافرۆشرێت و قازانجی ژێرەوانکێی ناوی نابێتە پارە ئەگەر بێتو ئەو کاڵایانە پێداویستیی کۆمەڵایەتی پڕنەکەنەوە. کەواتە، فراوانبوونی بەردەوامی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانە، واتە کەڵەکەبوونی بەردەوامی سەرمایە، پەیوەستیشە بە فراوانکردنی هەمیشەیی پێداویستییەکانی کۆمەڵگاوە.

بەڵام ئەی پێداویستیی کۆمەڵایەتی چییە؟ ئایا دەکرێت بە وردتر پێناسە بکرێت؟ دەکرێت بپێورێت؟ یان ئەمەی هەیە چەمکێکی ناڕوونە؟

ئەگەر سەرەتا سەیری ڕووکەشی ژیانی ئابووری لە پراکتیکی ڕۆژانەدا بکەین، واتە تەنها تەماشای سەرمایەدارێکی فەرد بکەین ، ناتوانین بە دروستی لێی تێبگەین. سەرمایەدار ئامێر بەرهەمدێنێت و دەیفرۆشێت، کڕیارەکانیش سەرمایەداری ترن، بۆئەوە لێی دەکڕن سەرمایەدارانە کاڵای تری پێ بەرهەمبێنن. ئەو سەرمایەدارەش هەتا کاڵای زیاتر بفرۆشێ، بەرهەمهێنانی فراوانتر دەکات و کەڵەکەبوونی خێراتر دەکات، کە ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ کەڵەکەبوونی زیاتر لەلای سەرمایەدارەکانی تر، هەریەکەو لە کەرتی بەرهەمهێنانی خۆیدا. لێرەدا ڕەنگە "پێویستیی کۆمەڵایەتی"ی ئەو سەرمایەدارە بریتی بێت لە سەرمایەدارەکانی دیکە، فراوانبوونی ئەوانیش پێشمەرجی فراوانبوونی ئەم بێت. بەهۆی ئەوانەوە دەتوانێت زیاتر بفرۆشێت. سەرمایەدارێکی تر کەرەستەی ژیانی کرێکاران بەرهەمدێنێت و دەفرۆشێت. هەتا ژمارەی کرێکاران لەلای سەرمایەدارانی دیکە و (و لەلای خۆیشی) زیادبکات، ئەم فرۆشی زیاتر دەبێت و سەرمایەی زیاتر کەڵەکە دەکات؛ بە واتایەکی تر، هەتا بەرهەمی سەرمایەدارەکانی دیکە زیاتر بێت و سەرمایەی زیاتر کەڵەکە بکەن، ئەمیش فرۆش و کەڵەکەبوونی زیاتر دەبێت. بەڵام توانای فراوانکردنی کارگەکانی "ئەوانیتر" لەسەر چی وەستاوە؟ وادیارە دووبارە لەسەر ئەوە وەستاوە کە کاڵاکانی ئەو سەرمایەدارانە، بۆنموونە بەرهەمهێنەرانی ئامێرەکان و کەرەستەکانی بژێوی، بەشێوەیەکی زیادە بکڕدرێن [و خواستیان لەسەر بێت]. کاتێک کە بە وردی لێی دەڕوانین، دەبینین "پێویستیی کۆمەڵایەتی" کە کەڵەکەبوونی سەرمایە لەسەری وەستاوە، خودی کەڵەکەبوونی سەرمایە خۆیەتی. هەتا سەرمایە کەڵەکە بێت، ئەم پێویستییە کەڵەکە دەبێت — وادیارە ئەم دووبارەبوونەوە بەتاڵە یان ئەم بازنە گێژاوە بەرئەنجامی ئەم لێڕوانینە وردەیە. قورسە لێرەدا بزانین سەرەتا لە کوێیە و دەستپێکی بیرۆکەکان دەبێت لەکوێ بێ. بەمجۆرە لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێینەوە و کێشەکە لەبندەستمان هەڵدێت. هەر بەڕاستییش بەوجۆرە دەبێت، ئەگەر بمانەوێ لە ڕوانگەی ڕووکەشی بازاڕەوە، یان لە ڕوانگەی یەک سەرمایەدارەوە، تەماشای بکەین.

بەڵام کاتێک بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانە وەک گشت تەماشا دەکەین، کاتێک لە ڕوانگەی سەرمایەداریی گشتییەوە لێی دەڕوانین، کە سەرئەنجام ئەمەیان ڕێگا دروست و یەکلاکەرەوەکەیە، دەستبەجێ مەسەلەکە شێوە و سیمایەکی ڕوون وەردەگرێت. بوونی تایبەت و خۆگەشەسەندووی سەرمایەی فەردی لە ڕاستیدا تەنها ڕووکەشێکی دەرەکییە، ڕووتەختی ژیانی ئابوورییە، کە ئابووریناسە ئاساییەکان وەک جەوهەری شتەکان و سەرچاوەی بنەڕەتیی زانین سەیری دەکەن. لەژێر ئەم ڕووکەشەدا و لەنێو لێکدژییەکانی

کێبڕکێکاراندا، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە سەرلەبەری سەرمایەی فەردی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێکهاتەیەکی گشتەکی دروستدەکات و ئەم پێکهاتەیە و جوڵەکەشی کۆمەڵێک یاسای کۆمەڵایەتیی هاوبەش بەڕێوەیدەبات؛ وەک بەرئەنجامی نەبوونی پلان و پشێوویی سیستەمی ئێستا، لە پشتی سەرمایەدارە تاکەکانەوە و بە چەندین ڕێگەی پێچاوپێچ، کاردەکات.

وەگەر بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانە وەک گشت پوختبکەینەوە، خێرا پێویستیی کۆمەڵایەتییش دەبێتە پێکهاتەیەکی ڕوون، کە دەتوانرێت بەشێوەیەکی بەرجەستە دابەشبکرێت.

با وادانێین هەموو ئەو کاڵایانەی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەرهەمدێن، لە شوێنێک و لەشێوەی خەرمانێکی گەورە کەڵەکە دەکرێن، بۆئەوەی لەناو کۆمەڵگادا وەک پێکهاتەیەکی گشتی بەکارهێنانی بۆ بدۆزرێتەوە. هەر زوو دەبینین ئەم کاڵا تێکەڵانە بەپێی جۆر و مەبەستەکانیان بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا دابەشدەبن.

بەرهەمهێنان لە هەموو فۆڕمە کۆمەڵایەتییەکاندا و لە هەموو سەردەمەکاندا، ناچاربووە دوو شت دەستەبەر بکات. یەکەم، ناچاربووە بە هەر ڕێگایەک بێت خۆراک بە کۆمەڵگا بدات، پۆشتەی بکات و لەڕێگەی شتی مادییەوە پێداویستییە کولتووریەکانی پڕبکاتەوە. واتە، بۆئەوەی کورتی بکەینەوە، دەبوو کەرەستەی بژێوی بەمانای فراوانی وشەکە بۆ دانیشتوانی هەموو چین و تەمەنەکان بەرهەمبێنێت. دووەم، هەر فۆڕمێکی بەرهەمهێنان، بۆئەوەی بوونی کۆمەڵگا بەردەوام بێت و کارەکەی نەوەستێ، دەبوو هەرجارێک جێگرەوەیەکی نوێ بۆ ئەو ئامرازانەی بەرهەمهێنان بەرهەمبێنێت کە بەکارهاتوون: مەوادی خام و کەرەستە و بونیادی کار و هتد... بەبێ تێرکردنی ئەم دوو پێویستییە بنەڕەتییە لەلای هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی، ڕەنگە گەشەکردنی شارستانی و پێشکەوتن ئەستەم بوویێت. بۆیە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانەش دەبێت بە تەواوی ئەم دوو خواستە بنەڕەتییە لەناو هەموو ئەم پشێوویییەدا لەبەرچاو بگرێت، بێئەوەی زیان بە بەرژەوەندی و قازانجەکانی بگەیەنێت.

بەمپێیەش، لەو کۆگا گشتییەی شمەکە سەرمایەدارییەکاندا کە کەمێک پێش ئێستا خەیاڵمان کرد، پشکێکی گەورە بریتییە لە بەدیلی ئەو ئامرازانەی بەرهەمهێنان کەساڵی پار بەکارهاتوون. ئەوانیش مەوادی خامی نوێ و ئامێر و بینان (یان ئەوەی مارکس ناوی دەنێت سەرمایەی جێگیر)، بۆئەوەی بەرهەمهێنان لە هەموو کارگەکاندا بگاتەوە قەبارەی پێشووی خۆی، سەرمایەدارە هەمەجۆرەکان لە کارگەکانیان بۆ یەکتری بەرهەمدێنن و ناچارن لەناو یەکتردا ئاڵوگۆڕی بکەن. لەبەرئەوەش کە کارگە سەرمایەدارییەکان (بەپێی

گریمانەکەی پێشوومان) خۆیان هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی پێویست بۆ پرۆسەی کارکردنی کۆمەڵگا بەرهەمدێنن، ئەوا دەتوانین ئاڵوگۆڕکردنی ئەو کاڵایانەی لە بازاڕدا شیاون ناو بنێین پرۆسەیەکی ناوخۆیی خێزانیی نێوان خودی سەرمایەدارەکان. ئەو پارەیەشی کە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاڵوگۆڕکردنەی کاڵا لەنێوان هەموو لایەنەکاندا پێویستە، لە گیرفانی چینی سەرمایەدار خۆیەوە دێت -بەرەچاوکردنی ئەوەی پێویستە پێشەکی هەر خاوەن کۆمپانیایەک سەرمایەی نەختینەیی پێویست بۆ کارگەکەی دەستەبەربکات- دواتریش بێگومان لە بازاڕەوە دەگەڕێتەوە گیرفانی چینی سەرمایەدار.

لەبەرئەوەی لێرەدا تەنها نوێکردنەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە قەبارەی پێشوویدا لەبەرچاودەگرین، هێندە بەسە ساڵ لەدوای ساڵ بۆ دابینکردنی دوولایەنەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەشێوەی خولگەیی لەلایەن سەرمایەدارانەوە هەمان بڕ پارە خەرج بکرێ. ئیدی جار لەدوای جار ئەو بڕە پارەیە دەگەڕێتەوە و ماوەیەک لە گیرفانی سەرمایەدارەکاندا وچان وەردەگرێ.

بێگومان کۆمەڵەی گەورەی دووەمی شمەکە سەرمایەدارییەکان، لە هەر کۆمەڵگایەکدا، بریتییە لە کەرەستەکانی بژێویی دانیشتوان. بەڵام دانیشتوان لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی سەرمایەداریدا چۆن دابەشدەبن و چۆن پێداویستیەکان بەدەستدێنن؟ دوو فۆرم هەیە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی پێ جیادەکرێتەوە. یەکەمیان ئاڵوگۆڕی گشتیی کاڵایە، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت هیچ دانیشتوویەک بۆی نییە کەرەستەیەکی بژێوی لەوانەی کۆمەڵگا بەرهەمیهێناوە بەدەستبێنێت ئەگەر ئامرزاێکی کڕینی نەبێت، ئەو ئامرازەش بریتییە لە پارە. دووەمیان سیستەمی سەرمایەداریانەی کرێیە، ئەوەش ئەو پەیوەندییەیە کە تێیدا بەشی هەرە زۆری خەڵکی کرێکار دەستیان بە کاڵاکان ناگات ئەگەر وەک ئامرازێکی کڕین هێزی کاری خۆیان بە سەرمایە نەگۆڕنەوە؛ ئەو پەیوەندییەی کە تێیدا چینی خاوەنموڵک بە کەرەستە خۆراکییەکانی ناگات لەڕێگەی ئیستیغلال کردنی ئەم پەیوەندییەوە نەبێت. بەمجۆرە، بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆبەخۆ دوو چین لە دانیشتوان دروستدەکات: سەرمایەدار و کرێکار. هەلومەرجی هەریەکێکیشیان دەرهەق بە دەستڕاگەشتن بە کەرەستەکانی بژێوی، جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە. کرێکاران، سەرباری جیاوازیی چارەنووسیان لەگەڵ هەر سەرمایەدارێکدا، مادام هێزی کاریان بۆ مەبەستی کەڵەکەکردنی سەرمایە بەکاردێت، بۆئەوەی بمێننەوە و ئیستیغلال بکرێن، لانیکەم دەبێ خۆراک بدرێن. لە کۆی قەبارەی ئەو کاڵایانەی کرێکاران بەرهەمیانهێناوە، چینی سەرمایەدار ساڵانە پشکێک کەرەستەی بژێوییان بۆ بەجێدێڵێت کە کتومت تا ئەو ئەندازەیەیە کە بتوانرێ ئەم کرێکارانە لە بەرهەمهێناندا بەکاربهێنرێن. بۆ کڕینی ئەو کاڵایانەش، کرێکاران کرێ لەشێوەی پارە لە خاوەنکارەکانیان وەردەگرن. کەواتە، لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕەوە سەرەتا چینی کرێکار بڕێکی دیاریکراو پارە

بەدەستدێنێت، بۆئەوەی دووبارە بەرامبەر بە پشکێک کەرەستەی بژێوی لەو شمەکانەی کۆمەڵگا کە موڵکی سەرمایەدارەکانە ئاڵوگۆڕی بکات. ئەم برە پارەیەش، بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و دۆخی هەریەکیان لە ململانێی چینایەتیدا، بەدەستی دێنن. ئەو پارەیەش کە ئەم ئاڵوگۆڕە گەورەیەی دیکە لە کۆمەڵگادا دەستەبەردەکات، دووبارە لە گیرفانی سەرمایەداەکانەوە دێت: هەر سەرمایەدارێک بۆئەوەی پرۆژەکەی بەگەڕخات، دەبێت ئەو شتە پێشکەش بکات کە مارکس ناوی دەنێت "سەرمایەی گۆڕاو"، کە بریتییە لەو سەرمایە نەختینەییەی بۆ کڕینی هێزی کار پێویستە. بەڵام ئەم پارەیە، پاشئەوەی کرێکار هەموو ئەو کەرەستە بژێوییانە دەکڕێت کە پێویستی پێیانە (ئەمەش شتێکە کە هەر کرێکارێک بۆ ژیاندنی خێزانەکەی ناچارە بیکات)، بە تەواوی دەگەڕێتەوە گیرفانی چینی سەرمایەدار. چونکە ئەوە خاوەن کۆمپانیا سەرمایەداریەکانن کە کەرەستەکانی بژێوی لەشێوەی کاڵا بە کرێکار دەفرۆشن. ئێستا ئیتر دەچینە سەر مەسرەف و بەکاربردن لەلای خودی سەرمایەداران. سەرمایەدارەکان خاوەنی کەرەستەکانی بژێویی خۆیانن، لە شێوەی کاڵایەک کە نەچۆتە ناو ئاڵوگۆڕەوە. ئەمەش بەهۆی ئەو دۆخە سەرمایەدارییەوەیە کە وادادەنێت هەرچی کاڵا هەیە -تەنها جگە لە هێزی کار- وەک کاڵای سەرمایەداری دێتە جیهانەوە. ئیدی بێگومان "باشترین" کەرەستەکانی بژێوی، کتومت لەبەرئەوەی کاڵان، وەک موڵکی سەرمایەدارەکان، وەک خاوەندارێتییەکی تایبەتی هەر سەرمایەدارێک، دێتە بوون. بۆیە، بۆئەوەی چینی سەرمایەدار لە کەرەستە بژێوییەکانی تایبەت بەخۆی سوودمەند بێت، هەروەها لە سەرمایەی جێگیریش سوودمەند بێت، دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە ئاڵوگۆڕ لەنێوان سەرمایەدارەکاندا ڕووبدات. ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەش دەبێت لەڕێگەی پارەوە ڕووبدات، ئەو پارەیەش کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە دەبێت سەرمایەداران چەندینجار ئاڵوگۆڕی پێوەبکەن — لەم حاڵەتەشدا وەکئەوەی لە نوێکردنەوەی سەرمایەی جێگیردا بینیمان مەسەلەکە پەیوەستە بە پرسێکی ناوخۆیی خێزانیی چینی خاوەن کۆمپانیاکان. دیسانەوەش ئەم پارە نەختینەییە، پاش چەندین جار تەواوکردنی سوڕی ئاڵوگۆڕ، دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە: گیرفانی سەرمایەدارەکان.

میکانیزمی ئیستیغلال کردنی سەرمایەداریانە خۆبەخۆ کاردەکا، هەر ئەویشە کە بەگشتی پەیوەندییەکانی کرێ ڕێکدەخات، کار لەسەر مسۆگەرکردنی بەرهەمهێنانی ساڵانەی پشکی پێویستی کەرەستە بژێوییە خۆشگوزەرانییەکانی سەرمایەداران دەکات. ئەگەر کرێکاران تەنها کەرەستەی بژێوی بۆ تێرکردنی برسێتیی خۆیان بەرهەمبهێنایە، ئەوکات لە دیدگای سەرمایەوە کارپێکردنیان بێمانا بوو. خستنەسەرکاری کرێکار تەنها ئەوکاتە ماناداره کە سەرباری دەستەبەرکردنی خەرجیی ژیانی خۆی کە یەکسانە بە کرێکەی، خەرجیی ژیانی خاوەنکارەکەشی پەیدا بکات؛ بەگوزارە مارکسیەکە واتە "زێدەبەها" بۆ سەرمایەدار بەدیبێنێت. بێگومان ئامانجی ئەم زێدەباییەش دابینکردنی خەرجیی ژیان و خۆشگوزەرانیی پێویستیی چینی سەرمایەدارە،

وەک هەر چینێکی ئیستیغلالکەری قۆناغە مێژووییەکانی پێشوو. کەواتە سەرمایەدارەکان، لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی هاوبەشی شمەکە گونجاوەکان و پارەدارکردنی پێویست بۆ ئەم شمەکانە، ڕەنجێکی کەموێنە دەدەن بۆ پاراستنی بوونی ئاڵۆزی چینەکەیان و زیادبوونی سروشتیی چینەکەیان.

بەمجۆرە بەشێوەیەکی کاتی لە دوو پشکی گەورەی تێکەڵەی گشتیی شمەکە کۆمەڵایەتییەکان دەبینەوە: ئامرازە بەرهەمهێنەرە پێویستەکان بۆ نوێکردنەوەی پرۆسەی کارکردن، لەگەڵ کەرەستەکانی بژێویی دانیشتوان، کە لە چینی کرێکار و چینی سەرمایەدار پێکدێت.

هەڵبەت دیارە ئاسانە وا دەرکەوێ ئەوەی لەوکاتەوە دەیکەین کێشانی وێنەیەکی خەیاڵیی پەتی بووبێت. لەکوێ هیچ سەرمایەدارێکی ئەم سەردەمە دەزانێت و بەگشتی بایەخ بەوە دەدات بزانێت چی و چەند پێویستە بۆ قەرەبووکردنەوەی سەرمایەی بەکارهێنراو یان بۆ خۆراکدانی چینی کرێکار یان سەرمایەدار؟ هەر خاوەن کارێک کوێرانە دەست بە بەرهەمهێنان دەکات و لەگەڵ ئەوانیتردا دەکەوێتە کێبڕکێوە، هیچ کامیان جگە لە بەر پێی خۆیان هیچی دیکە نابینن. بەڵام لە سایەی پشێوویی ئەم کێبڕکێ بێ بەندوبارەوە، لە کۆتاییدا کۆمەڵێک ڕێسای نەبینراو هەیە خۆیان دەسەپێنن، ئەگەرنا هەر دەمێکبوو کۆمەڵگای سەرمایەداری بووبووە وێرانە. مانا و ئامانجی ئابووریی سیاسی وەک زانست، مەبەستی هوشیارانەی بنەماکانی ئابووریی مارکسیستی، ڕۆخستنی ئەم یاسا شاراوانەیە کە لەنێو گێژاو و بێسەروبەریی کەرتە تایبەتەکانی ئابووریدا سیستەم و بەستەرێک لەنێو گشتی کۆمەڵگەییدا دروستدەکات. ئێستا ئیتر دەستدەکەین بە هەڵگرتنەوەی شوێنپێی ئەم یاسا بابەتییە نەبینراوانەی کەڵەکەبوونی سەرمایەداریانە – کەڵەکەکردنی سەرمایە لەڕێگەی فراوانبوونی گەشەسەندووی بەرهەمهێنان. لەبەرئەوەی کە ئەم یاسایانەی لێرەدا دەیانخەینەڕوو ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان نییە لە شێوازی ڕەفتاری ئاگامەندانەی سەرمایە فەردییە چالاکەکان، لەبەرئەوەیش کە دەستەیەک نییە لە کۆمەڵگادا ئاگامەندانە ئەم یاسایانە دارێژێت و جێبەجێیان بکات، بۆیە لەمەوە تەنها دەرئەنجامگیریی ئەوە دەکەین کە ئەم شێوازە لە بەرهەمهێنان لە کەسێکی مەست دەچێت کە لەنێو هەڵکشان و داکشانی نرخ و قەیرانەکاندا کاردەکات. بەڵام لە کۆتاییدا، ئەم هەڵکشان و داکشانەی نرخەکان و قەیرانەکان لەلای کۆمەڵگا بەگشتی هیچ مانایەکی نییە جگەلەوەی کە کاتژمێر لەدوای کاتژمێر و بەشێوەیەکی خولگەیی ئابووریی تایبەتی بێسەروبەر دەگێڕێنێتەوە سەر ڕەوڕەوەی پەرژینی گەورەی سیاقە گشتییەکان، کە بەبێ ئەو دەکرێت بە تەواوی وێران ببێت. کەواتە، کە لێرەدا بە هاوکاری مارکس هەوڵدەدەین هێڵە گشتییەکانی پەیوەندیی بەرهەمهێنانی گشتیی سەرمایەداری بە پێویستیی کۆمەڵایەتییەوە دیاریبکەین، با چاو لە ڕێگە

تایبەتەکانی سەرمایەداری بپۆشین، کە بریتییە لەو هەڵکشان و داکشانەی نرخەکان و قەیرانەکان کە ئەم هەلومەرجانەی پێ دروستدەکات، بەڵکو لەبری ئەوە با تەماشای بنەڕەت و ڕیشەکەی بکەین.

مەسەلەکە لەو دوو پشکە گەورەیەدا کۆتایی نایەت کە باسمان کرد، چونکە ئەگەر ئامانجی ئیستیغلالکردنی کرێکاران بە تەنها دابینکردنی ژیانێکی خۆش بووایە بۆ ئیستیغلالکاران، ئەوا لەبەردەم فۆرمێکی کۆمەڵگەی کۆیلایەتیی مۆدێرندا دەبووین، یان لەبەردەم فەرمانڕەواییەکی دەرەبەگانەی سەدەکانی ناوەڕاست، نەک لەبەردەم حوکمڕانییەکی سەرمایەداریی مۆدێرن کە پێیوایە ئامانج و ئەرکی لە ژیان بریتییە بەدیهێنانی قازانج لەشێوەی پارە و کەڵەکەکردنی سەرمایەی نەختینەیی. کەواتە لێرەدا مانای مێژوویی بەرهەمهێنان تەنها ئەو کاتە دەستپێدەکات کە ئیستیغلال ئەم بەربەستە تێدەپەڕێنێت. دەبێت زێدەبایی تەنها ئەوەندە نەبێت بوونێکی "شایستە بە پێگەی" چینی سەرمایەدار بدات، بەڵکو لەسەروو ئەوەشەوە دەبێت پشکێکی دیاریکراو بۆ کەڵەکەکردن دابینباکات. بەڵێ، ئەم ئامانجە دیارە ڕاستەقینەیە زۆر یەکلاکەرەوەیە، کرێکاریش تەنها لەسەر ئەم بنەمایە دەخرێتە سەر کار، وەهایش تێدەگەیەنرێت کە ئەوکاتە دەتوانێت کەرەستەی بژێوی بۆ خۆی دابینبکەن کە بتوانێت بەرهەمهێنان بۆ ئەم قازانجە بکات کە تایبەتە بە کەڵەکەبوون، ئەوکاتەی کە هیوایەک بۆ کەڵەکەکردن لەشێوەی نەختینەیی هەیە.

بەم پێیە، لەو عەمبارە کاڵایەی کۆمەڵگای سەرمایەداری کە وێنامان کرد، دەبێت کۆمەڵەیەکی دیکەی کاڵا هەبێت کە نە ئامانجی نوێکردنەوەی ئامرازە بەکارهاتووەکانی بەرهەمهێنانە نە ئامانجی ژیاندنی کرێکاران و سەرمایەدارانە. چونکە ئەو دووانەمان تێپەڕاند. ئەو کۆمەڵە کاڵایەش دەبێت ئەو بەشە لەنرخبەدەرەی زێدەبەها بێت کە لە کرێکار دزراوە، کە ڕێک ئامانجی ژیانیی سەرمایەیە: ئەو قازانجەی کە تەرخانە بۆ سەرمایەگوزاری و کەڵەکەکردن. ئەمانە دەبێت چ جۆرە کاڵایەک بن و لە کۆمەڵگادا کێ پێویستی پێیانە، کێ لە سەرمایەداری دەکرێت بۆئەوەی دواجار هاوکاری بێت لەوەی گرنگترین بەشی قازانج بکات بە ئاڵتونی بریقەدار؟

لێرەدا ئیتر گەشتووینەتە کرۆکی کێشەی کەڵەکەبوون و دەبێت هەموو هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی بدەین.

ئایا ڕێیتێدەچێ کرێکاران کڕیاری دوایین کۆمەڵەی شمەکەکانی عەمباری شمەکە کۆمەڵایەتییەکان بن؟ بەڵام کرێکاران هیچ ئامرازێکی تری کڕینیان نییە جگە لەو کرێیەی لە خاوەن کارەکەیان وەردەگرن و بە ئەندازەی ئەو کرێیە بەشێکی بچووکی تایبەت بە خۆیان لە بەرهەمی کۆمەڵایەتیی گشتی دەبەن. جگەلەوەش ناتوانن کڕیاری کاڵای سەرمایەداری بن لەکاتێکدا زۆرێک پێداویستیی ژیانییان هەیە کە پڕ نەکراوەتەوە. ئەمە

جگەلەوەی خواست و بەرژەوەندیی چینی سەرمایەدار بەئاقارێکدا دەڕوات کە وابکات هەتا دەکرێت ئەو پشکەی کە کرێکار لە بەرهەمی کۆمەڵایەتیی گشتی دەستی دەکەوێت و ئەو ئامرازانەی کرین کە بەدەستی دێنێ زۆر کەم بێت. چونکە لە ڕوانگەی سەرمایەدارانەوە وەک چینێکی سەرتاسەر -بێگومان گرنگە جیاوازیی لەنێوان ئەم ڕوانگەیە و وێناکردنی پووچانەی سەرمایەداری تاک بکەین- کرێکاران بەلای ئەوانەوە چیتر کڕیاری کاڵا نییە، وەک ئەوانیتر "کڕیار" نییە، بگرە تەنها هێزێکی کارە، کە ژیاندنی لەسەر بەشێک لە بەرهەمی کارەکەی خۆی، بەشێک کە تا کەمترین ئاستی ڕێگەپێدراوی کۆمەڵایەتی کەمدەکرێتەوە، بەڵایەکی ناچارانەیە و دەبێ بکرێ.

ئایا ڕێیتێدەچێ سەرمایەدارەکان خۆیان کڕیاری کۆتا پشکی کاڵا کۆمەڵایەتییەکانیان بن، لە ڕێگەی فراوانکردنی بازنەی مەسرەفەکانیانەوە؟ ڕەنگە ڕێیتێبچێ، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا چینی باڵادەست ژیانێکی خۆشگوزەرانی هەیە دەست بۆ هەموو جۆرە زیادەڕەوییەک دەبات. بەڵام ئەگەر سەرمایەداران بێ هیچ دەستپارێزییەک ئەو زێدەباییەی لە کرێکار دزراوە خەرج بکا، هەرگیز کەڵەکەبوون ڕوونادات. ئەوکات ڕەنگە لە ڕوانگەی سەرمایەوە گەڕانەوەیەکی خەیاڵی هەبێت بۆ فۆڕمێکی تازەی ئابووریی کۆیلایەتی یان دەرەبەگایەتی. ڕاستە پێچەوانەکەی ڕێیتێدەچێ و هەندێجار بە وریاییەوە پیادەدەکرێت: کەڵەکەبوونی سەرمایە لەگەڵ شێوەکانی ئیستیغلالکردنی وەک کۆیلایەتی و کۆیلایەتیی زەوی هەتا شەستەکانی سەدەی پێشوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەبوو، هەتا ئێستاش لە ڕۆمانیا و هەندێک داگیرگەی ئەودیوی دەریاکان بەرچاودەکەوێت. بەڵام هەلومەرجە پێچەوانەکە: فۆڕمی نوێی ئیستیغلال، وەک پەیوەندییەکی ئازادی کرێ لەگەڵ سەرفکردنی دواتری زێدەبایی لەسەر شێوازی باڵادەستەکانی پێشوو یان دەرەبەگەکان لە سایەی پشتگوێخستنی کەڵەکەبووندا، تاوانێکی گەورەیە لەدژی ڕۆحی پیرۆزی سەرمایە و ناتوانرێ بە ئاسانی وێنا بکرێ. لێرەدا وەک دەبینین دووبارە دیدگای گشتی سەرمایە جیاوازییەکی جەوهەریی گەورەی لەگەڵ بازرگانێکی تاکدا هەیە. چونکە بەلای ئەمەی دواییانەوە دەستبڵاویی "ئاغا گەورەکان" فراوانخوازییەکە باشە بۆ فرۆشتنەکان، واتە هەلێکی نایابە بۆ کەڵەکەکردن. بەڵام بەلای سەرمایەدارەکانەوە وەک چینێک، مەسرەفکردنی تەواوەتیی زێدەبایی لە خۆشگوزەرانی و دەستبڵاویدا شێتییەکی حاشاهەڵنەگر و خۆکوژییەکی ئابوورییە، چونکە ئەوە کەڵەکەبوون لە ڕیشەوە لەناودەبات.

کەواتە ئاخۆ کێ بەکاربەری ئەو کاڵایانەی کۆمەڵگایە کە وادادەنرێ بەهۆی فرۆشتنیانەوە کەڵەکەبوون دروستدەبێ؟ ئاشکرایە کە نە کرێکارانە و نە خودی سەرمایەداران.

بەڵام ئایا لە کۆمەڵگادا چەندین چینی تر نییە، وەک کارمەند و سەرباز و پیاوانی ئایینی و زانایان و هونەرمەندان، کە نە کرێکارن نە خاوەن کار؟ ئایا هەموو ئەم توێژانەش پێویستیان بە تێرکردنی ئارەزووی

بەکارهێنان نییە، ئایا ناکرێت ئەمان کڕیاری زێدەکاڵا بن؟ دووبارە، بەلای سەرمایەداری فەردەوە، بێگومان ئەمە ڕێیتێدەچێ! بەڵام شتەکە جیاوازە ئەگەر بێین و هەموو خاوەن کارەکان وەک چینێک ببینین و بەرهەمی کۆمەڵایەتیی گشتی لەبەرچاوبگرین. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، هەموو ئەم چین و پیشانەی ناومان هێنان، لە ڕووی ئابوورییەوە وەک کلک و پاشکۆی چینی سەرمایەدار تەماشادەکرێن. با بپرسین کارمەند و سەرباز و پیاوی ئایینی و هونەرمەند و هتد لەکوێ ئامرزای کڕینی تایبەت بەخۆیان بەدەستدێنن؟ بەشێکی لە گیرفانی سەرمایەدارەکانەوە دەستیان دەکەوێت و بەشەکەی تری (لەڕێی سیستەمی باجی ناڕاستەوخۆوە) لە کرێی کرێکاران بەدەستی دەخەن. کەواتە ناتوانرێت ئابووریانە و لە ڕەهەندی سەرمایەی گشتییەوە ئەم چینانە وەک چینی بەکاربەری خاوەن تایبەتمەندی تەماشابکرێن، چونکە خاوەنی سەرچاوەیەکی سەربەخۆی هێزی کڕین نیین، بەڵکو لەسەر خۆراکی هەردوو چینە گەورەکە دەژین: سەرمایەداران و کرێکاران، چونکە سەر بە بەکاربردنی هەردووکیانن.

کەواتە وەک بینیمان هیچ کڕیارێکمان نییە، ئیمکانێک نییە بۆ گەیاندنی کۆتا پشکی کاڵاکان بە کەسێک کە بەو کڕینەی ئەو کەڵەکەبوون دروستدەبێت.

لەکۆتاییدا دەرچوون لەم تەنگوچەڵەمەیە زۆر سادەیە. ڕەنگە وەک ئەو سوارچاکەمان لێهاتبێ کە بە پەشۆکاوی بەدوای ئەسپەکەیدا دەگەڕا لەکاتێکدا ئەسپەکەی لەژێر خۆیدا بوو. ڕەنگە سەرمایەدارەکان ئەم کاڵانەی کە ماون لە یەکتر بکڕن – بەڵام نەک بۆ مەسرەفکردنیان بەڵکو بۆ بەکارهێنانیان لە فراونکردنی بەرهەمهێنان و کەڵەکەبوون. ئاخر کەڵەکەبوون چییە جگە لە فراوانکردنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانە؟ بەڵام بۆئەوەی ئەم کاڵایانە ئەم مەبەستە بەدیبێنن، نابێت شمەکی خۆشگوزەرانی بن و لەلایەن سەرمایەدارانەوە مەسرەف بکرێن، بەڵکو دەبێت هەموو جۆرە ئامرازێکی بەرهەمهێنان (سەرمایەی نەگۆڕی نوێ) و کەرەستەی بژێوی کرێکاران بن.

باشە. بەلام ئەم چارەسەرە تەنها گرفتەکە لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر دوادەخا. چونکە پاش ئەوەی گریمانەی ئەوەمان کرد کە کەڵەکەبوون دەستپێکردووە و بەرهەمهێنانی فراوانکراو لە ساڵی داهاتوودا کاڵای زیاتر لە هی ئەمساڵ دەخاتە بازاڕەوە، ئەم پرسیارە دروستدەبێت: لەکوێ کڕیار بۆ ئەم بڕە کاڵایە بدۆزینەوە کە زیادیکردووە؟

بۆ نموونە وەڵامەکە بەمجۆرەیە: باشە، ئەو بڕە کاڵایەی کە زیادیکردووە ساڵی داهاتوو لەو سەرمایەدارانە دەکڕدرێت کە لەنێو خۆیاندا ئاڵوگۆڕی دەکەن و هەمووان دووبارە بۆ سەرلەنوێ فراوانکردنی

بەرهەمهێنان بەکاری دێنن -بەمجۆرە ساڵ لەدوای ساڵ بەردەوام دەبێت. بەڵام ئەوکات لە بەردەم جۆلانەیەکداین کە لە بۆشاییدا بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە. کەواتە ئەمە کەڵەکەبوونی سەرمایەداری نییە، یان کەڵەکەبوونی سەرمایەی نەختینەیی، بەڵکو بە پێچەوانەوە: بەرهەمهێنانی کاڵایە لەپێناو خودی بەرهەمهێناندا، ئەمەش لە ڕوانگەی سەرمایەوە ئەوپەڕی بێماناییە.

ئەگەر سەرمایەدارەکان وەک چینێک تەنها ببنە کڕیاری کاڵاکانیان -جگە لەو بەشەی تایبەتە بە ژیاندنی چینی کرێکار- وەگەر بە پارەی خۆیان هەمیشە کاڵا بۆ خۆیان بکڕن و ناچاربن زێدەباییەکەی بکەن بە "ئاڵتوون"، ئەوکات کەڵەکەکردنی قازانج، واتە کەڵەکەکردن، لەلای چینی سەرمایەدار بەگشتی دەبێتە شتێکی ئەستەم.

وەگەر کەڵەکەبوون قەراربێت ڕووبدات، ئەوا دەبێت لانیکەم کڕیاری تر بۆ ئەو بەشە کاڵایانە بدۆزرێتەوە کە قازانجی کەڵەکەبوونی تێدایە، کڕیارێک کە ئامرازی کڕین لە سەرچاوەی سەربەخۆوە بەدەستبێنێت و ناچار نەبێت وەک کرێکار و کارمەندانی تری سەرمایە، وەک دەزگاکانی دەوڵەت و سوپا و پیاوانی ئایینی و خاوەن پیشە ئازادەکان، لە گیرفانی سەرمایەدارەکانەوە بیهێنێت. کەواتە دەبێت ئەو کڕیارانە ئامرازی کڕینیان لە ئاڵوگۆڕی کاڵاوە بەدەستهێنابێت، لەو بەرهەمهێنانە کاڵاییەی لە دەرەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانەی کاڵا بەدیدێت. کەواتە دەبێت کۆمەڵێک بەرهەمهێن بن ئامرازی بەرهەمهێنانەکەیان سەرمایە نەبێت و سەر بە چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار نەبن، لەگەڵ ئەوەشدا بەجۆرێک لە جۆرەکان پێویستیان بە کاڵا سەرمایەدارییەکان بێت.

بەڵام ئەم کڕیارانە کێن؟ جگە لە سەرمایەدارەکان و پۆلێک مشەخۆری چواردەوریان، لە کۆمەڵگای ئێستاماندا هیچ چین و توێژێکی تر نییە!

لێرەدا دەگەینە خاڵی جیاکەرەوەی پرسیارەکە. مارکس لە بەرگی دووی "سەرمایە"دا، هەروەها لە بەرگی یەکەمیشدا، ئەوەی کە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانە تاکە فۆرمی بەرهەمهێنانە [لەم سەردەمەدا]، دەکاتە پێشمەرجی لێکۆڵینەوەکەی. لە بەرگی یەکەمدا دەڵێت: "لێرەدا لە بازرگانیی هەناردەکان دادەماڵرێت، کە بەهۆیەوە هەر نیشتیمانێک دەتوانێت کاڵایەکی خۆشگوزەرانی بگۆڕێت بە ئامرازێکی بەرهەمهێنان یان ژیانکردن یان بەپێچەوانەوە. بۆئەوەی بە ڕوونی و دوور لە هەلومەرجە لاوەکییە شێوێنراوەکان لە بابەتی توێژینەوەکە تێبگەین، دەبێت جیهانی بازرگانی بەکۆ وەک یەک نیشتیمان ببینین و وادانێین بەرهەمهێنانی

سەرمایەداریانە لە سەرتاسەریدا ڕیشەی داکوتاوە و دەستی بەسەر هەموو لقەکانی پیشەسازیدا گرتووە"[1]. لە بەرگی دووەمیشدا دەڵێت: "بە بڕوای ئێمە، بەدەر لەم چینە [چینی سەرمایەدار] -کە بەتەنها خۆی لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا هەژموونێکی سەرتاسەریی هەیە- هیچ چینێکی تر بوونی نییە جگە لە چینی کرێکار"[2]. بێگومان لە سایەی ئەم هەلومەرجەشدا، ئەوەی هەیە بریتییە لە سەرمایەدارەکان و پاشکۆکانیان و پرۆلیتاریای کرێگرتە، هەرچی چینی دیکە و بەرهەمهێن یان بەکاربەری دیکە هەیە نەناسراون؛ ئەوکات کەڵەکەبوونی سەرمایە، وەک ئەوەی لەسەرەوە ڕوونمکردەوە، ڕووبەڕووی ئەو پرسە بێچارە دەبێتەوە کە تازەکی پێی گەشتین.

دەتوانین چەندمان پێخۆش بێت بە دەوریدا بسوڕینەوە، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەو گریمانەیە بمێنینەوە کە دەڵێت لە کۆمەڵگادا هیچ چینێکی دیکە نەماوە جگە لە چینی سەرمایەدار و چینی کرێکاری کرێگرتە، ئەستەم دەبێت سەرمایەدارەکان وەک چینێک بتوانن کاڵا زیادەکانیان ساغبکەنەوە وزێدەبایی بکەنە پارە و سەرمایە کەڵەکە بکەن.

بەڵام گریمانەی مارکسیزم تەنها پێشمەرجێکی تیۆرییە بۆ ئاسانکردنی لێکۆڵین و بەدواداچوون. لە ڕاستیدا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وەک هەمووان دەزانن، وەک ئەوەی مارکسیش لە هەندێ شوێنی "سەرمایە"دا جەختی لەسەر دەکاتەوە، بێگومان تاکە فۆرمێکی زاڵی بەرهەمهێنان نییە. لە ڕاستیدا، لە هەموو وڵاتانی سەرمایەداریدا، لەو وڵاتانەشدا کە پیشەسازیی زۆر گەورە و پێشکەوتووی تێدایە، بە تەنیشتی بواری پیشەگەریی و کوشتوکاڵەوە ژمارەیەکی زۆر وەرشەی پیشەی دەستی و جوتیار هەیە کە بەرهەمهێنانێکی سادەی کاڵا پەیڕەو دەکات. لەڕاستیدا هێشتا لە ئەوروپاش بەپاڵ وڵاتانی سەرمایەداریی کۆنەوە، وڵاتانێک هەن هەتا ئێستاش تاڕادەیەکی زۆر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەگەریی تێیاندا زاڵە، وەک ڕوسیا و وڵاتانی بەڵقان و وڵاتە ئەسکەندەناڤیەکان و ئیسپانیا. ئینجا بەتەنیشت ئەوروپا و ئەمریکای باکووری سەرمایەدارییەوە، چەند کیشوەرێکی گەورە هەن کە هێشتا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ڕیشەی تێیاندا دانەکوتاوە لە چەند خاڵێکی کەم و پەرتوبڵاودا نەبێت، بگرە گەلانی ئەم کیشوەرانە هەموو فۆڕمە ئابوورییە ڕێتێچووەکان پیادەدەکەن، هەر لە ئابووریی کۆمۆنەی سەرەتاییەوە تا دەگات بە ئابووریی دەرەبەگایەتی و جوتیاری و پیشەگەریی. هەموو ئەم فۆڕمە کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنەریانە نەک تەنها دراوسێیەکی ئارامی سەرمایەدارییەن، بەڵکو هەر لە سەرەتای سەردەمی سەرمایەدارییەوە لەنێوان ئەوان و سەرمایەی ئەورووپیدا پەیوەندییەکی ژیانیی چالاک و دانسقە دروستبووە. بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەک بەرهەمهێنانێکی زەبەلاحی ڕاستەقینە پشت بە

[1] Karl Marx: Das Kapital, Erster Band. In: Karl Marx/Friedrich Engels: Werke, Bd 32, S. 607

[2] Karl Marx: Das Kapital, Zweiter Band. In: Karl Marx Friedrich Engels: Werke, Bd 24, S. 348

کڕیاری نێوەندە جوتیاری و پیشەگەرییەکانی وڵاتانی کۆن و بەکاربەری هەموو وڵاتانی تر دەبەستێت، لەکاتێکدا لە ڕووی تەکنیکییەوە هەرگیز ناتوانێت بەبێ بەرهەمی ئەم چینانە و ئەم وڵاتانە بەردەوام بێت (چ وەک ئامرزای بەرهەمهێنان، چ وەک کەرەستەی بژێوی). بەمجۆرە، دەبوو لەنێوان بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانە و ژینگە ناسەرمایەدارییانەکەیدا پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ دروست ببێت، کە تێیدا سەرمایە ئیمکانێکی بۆ بەدیهێنانی زێدەبایی -بەئامانجی بەردەوامیدان بە بەسەرمایەکردنی ئاڵتوونی بریقەدار- دۆزییەوە؛ توانیشی خۆی بە هەموو ئەو کاڵایانە دەوڵەمەند بکات کە بۆ فراوانکردنی بەرهەمهێنانەکەی پێویستن؛ لەوەش زیاتر، لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی فۆرمە ناسەرمایەدارییەکانی بەرهەمهێنانەوە، لە دۆزینەوەی هێزی کرێکاری پرۆلیتاریی نوێ سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

بەڵام ئەمە کرۆکی ڕووتی ئابووریی ئەو پەیوەندییەیە. دروستبوونە بەرجەستەکەیشی لە واقیعدا، لە پرۆسەی پێشکەوتنی سەرمایەداریدا خۆی دەبینێتەوە، پێشکەوتنێک لەسەر شانۆی جیهانی بە هەموو ڕوخسارە هەمەڕەنگ و کاریگەرییەکانیەوە.

لە سەرەتادا، ئاڵوگۆڕی نێوان سەرمایە و ژینگە ناسەرمایەداریەکەی، ڕووبەڕووی ئاستەنگییەکانی ئابووریی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دڵنیاییەکان و پێویستییە سنووردارەکانی ئابووریی جوتیاریی باوکسالارانە و ئابووریی پیشەگەریی دەبێتەوە. لێرەدا سەرمایە پەنا بۆ "ئامرازە پاڵەوانەکان"ی دەبا، پەنا بۆ تەوری توندوتیژیی سیاسی دەبا. لە خودی ئەوروپاشدا یەکەمین نیشانەی بریتی بوو لە تێپەڕاندنی شۆڕشگێڕانەی ئابووریی ئاڵوگۆڕی دەرەبەگانە. لە وڵاتانی ئەودیوی دەریاکانیشدا، داپڵۆساندن و خاپوورکردنی پێکهاتەی بەکۆمەڵی نەریتی یەکەمین کرداری ئەو بوو، سەرەتای لەدایکبوونی سەرمایە و دیاردەی کەڵەکەبوون بوو کە لە هەموو مێژووی جیهاندا دیاردەیەکە هاوشانی سەرمایەیە. لە ڕێگەی کاولکردنی پەیوەندییە سەرەتاییەکان و پەیوەندییەکانی ئابووریی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندییە جوتیارییە باوکسالارییەکانی نێو ئەم وڵاتانە، سەرمایەی ئەورووپی دەرگای لەسەر ئاڵوگۆڕ و بەرهەمهێنانی کاڵا کردەوە و دانیشتوانەکانی کرد بە کڕیاری کاڵا سەرمایەدارییەکان؛ دەستبەجێ و بەخێرایی، لەڕێگەی دزینی ڕاستەوخۆ و بێشوماری سامانە سروشتیەکان و سەروەتە یەدەکەکانی ئەم گەلە چەوساوانەوە، دەستیکرد بە کەڵەکەکردن. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە، هاوشان لەگەڵ ئەم ڕێکارانەدا، سەرمایەی کەڵەکەبووی ئەوروپا هەناردەی وڵاتانی ناسەرمایەداری تەواوی جیهان کرا، هەناردەی ئەو شوێنانە کرا کە بەسەر وێرانە و لاکی شێوازە خۆجێیەکانی بەرهەمهێنانەوە بوارێکی نوێ هەیە بۆ دروستکردنی بازنەیەکی نوێی کڕیاری کاڵاکانی سەرمایەداری، بەمەش ئیمکانێکی نوێی کەڵەکەبوونی دروستکرد.

بەمشێوەیە سەرمایەداری، بەپشتبەستن بە کاریگەریی دوولایەنە لەگەڵ بازنە کۆمەڵایەتی و وڵاتە ناسەرمایەدارەکان و لەڕێگەی بەدیهێنانی کەڵەکەبوون لەسەر حسابی ئەم وڵات و کۆمەڵگایانە و حەپەلووشکردنیان و جێگرتنەوەیان، تادێت فراوانتر دەبێت. بەڵام هەتا ژمارەی وڵاتانی سەرمایەداریی بەشداربوو لەم کێبڕکێیە لەسەر ناوچەکانی کەڵەکەکردن زیادبکات، هەتا ناوچەی ناسەرمایەداریی زیاتر بکەوێتە ژێر ڕکێفی فراوانخوازیی جیهانیی سەرمایەوە، ململانێی کێبڕکێکارانەی سەرمایە لەسەر ئەم ناوچانەی کەڵەکەکردن توندتر و دڕندانەتر دەبێت، مانۆڕەکانی لەسەر گۆڕەپانی جیهانی دەبێتە زنجیرەیەک کارەساتی ئابووری و سیاسی: قەیرانی جیهانی، جەنگ و سامان.

ئیدی لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە، سەرمایە بەشێوەیەکی دووسەرە هەنگاو بەرەو ئاوابوونی دەنێت. چونکە ئەو لەلایەک لەڕێگەی فراوانخوازیی لەسەر حسابی هەموو فۆڕمە ئابوورییە ناسەرمایەداریەکان بەرەو ئەو ساتە دەڕوات کە تێیدا مرۆڤایەتی بەڕاستی تەنها دەبێتە سەرمایەدار و پرۆلیتار، کە ئیتر بەوهۆیەوە فراوانخوازیی نوێ و کەڵەکەبوون ئەستەم دەبێت. لەلایەکی دیکەوە، بە ئەندازەی زیادبوونی خۆسەپاندنی ئەم ئاڕاستەیە، لێکدژییە چینایەتییەکان و پشێوییە ئابووری و سیاسییە نێودەوڵەتییەکان بە ئەندازەیەک زیاد دەبن کە بەدڵنیاییەوە -زۆر لەپێش ئەوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری باڵادەستییەکی ڕەها و تاکڕەوانە لە جیهاندا بەدەستبێنێت- دەبێتە هۆی یاخیبوونی پرۆلیتاریای جیهانی لەدژی بەردەوامبوونی باڵادەستیی سەرمایە.